سێبەرێک گوتی:
- ناوم خەلەف ئەلئەحمەر بوو
هاوتام نەبوو لە هونەری بیرتیژیدا!
هەمەموو پەیڤەکانی لە بیابان، بن رەشماڵان و لە شار گوتران لەبیر بوون.
هەموو گۆرانییەکانی ئەوین، سروودەکانی شەڕ و
هەموو چیرۆکەکانی **رۆژگاری عارەبانــ**یشم لەبیر بوون.
هێندە بیرتیژ بووم، دەمتوانی لاسایی هەموو شاعیرێک بکەمەوە،
کە تا ئێستا هەبووە و بە هاوتای خۆم ناوی ببەم.
ئەوسا لە کامڵیی تەمەنمدا، بە شمشێری ویژدان لێدرام.
لە بەیانییەوە تا ئێوارە قورئانم دەخوێند.
بێبەریم لە هەمووشتێک کرد، کە گوتبووم خەڵک پێش من دایانڕشتوە.
ئەوەی لە زارم هاتبووە دەر، بە تەواوی درۆ بوو.
ئەو شارستانییانەی دەمگوت لەبیرمن، نوێ بوون و
لەبارەی **رۆژگاری عارەبانی**یش کەمتر لە هیچم دەزانی
ئەوسا لە گۆڕەپان لەبەردەم خەڵکی **کوفە** وەستام و
بەئاشکرا دانم پیانا کە چەندەم درۆ کردووە-
خەڵکەکە بێدەنگ بوون، یەکێک بەدەنگهات
لەئاکامدا هەموویان بەیەکدەنگ هاواریانکرد:
کە درۆت لەگەڵ دەکردین، زێتر خۆشماندەویستی لەوەی، کە وا بەراستی قسان دەکەی.
دوای ئەم هاوارە خەیاڵاوی بەرەوماڵ بوومەوە
لە قوڵایی هزری هزرمدا، هزری هزرم هەڵکشا.
بە لاڵەپەتە گوتم: دەبێ ئیدی راستی بێژی!
شتێک کە پێتبەخشرا، لێتسەندرا، شتێک بەخشرا.
ئەگەر کافر، جوو، گاور یان بندەستیش بووبایت:
لەبارەی پێغەمبەر درووودی خوای لێبێ، هیچ نازانم.
بەناوی ﴿الله﴾ ی پەروەردگارو بەخشندەش،
لەبارەی ئەمەوە، بەخوای گەورە، کەمتر لە هیچ دەزانم.

گوێمان لەمە بووە: پیاوێکی پیرۆز، **خەلەفـــــ**ی نازناو سوورە
نیوەی ژیانی درۆی کرد، تێگەیشت و پاشان **راستیی** دەگوت.
گۆڕی ئەو، یان هی کەسێکی تر لیرەیە، بە **توربانێک**
شورەی چوارگۆشەی بۆ کراوە، لێ نازانین ئەوی تیایە یان نا.
- لە زەردەی ئێوارەدا چوومە ئەوێ، سەرگۆڕی راستگۆی درۆزن و
ساتێک دانیشتم، ئەوسا لە دوورەوە ژنێکی دووگیانم بینی،
هات و بە نینۆک چیمەنتۆی هەڵکڕاند، چەند دەنکە زیخێکی بۆ دەمی برد.
پاشان، سەر چەماوە بەسەر سکیدا گوزەریکرد، وەک ئەوەی پستەپست بکا:
یاخوا بە ئەم بچیت، کە راستیی دەگوت دەمێ درۆی دەکرد و
درۆیشی دەکرد، کە راستیی دەگوت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

